شەشەمین راپۆرتی سەندیکای رۆژنامەنووسان چیمان پێدەڵێ؟

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە شەشەمین راپۆرتی خۆیدا ئاماژەی بە رەوشی رۆژنامەوانی و ئازادی راگەیاندن لە هەریمی کوردستان کردوەو نووسیویەتی: (پێدەچێت راپۆرت و هەوڵەکانمان لەخزمەت رۆژنامەنووسان و پرۆسەی دیموکراسی لەهەریمدا کاریگەری بەرچاوی هەبووبێ و تارادەیەکی باش هەنگاوەکانمان شوێنی خۆی گرتبێ. ئەمجارە رەوشی رۆژنامەگەری لەهەریمی کوردستان رووی لەباشی کردوە و خۆشبەختانە هیچ حاڵەتێکی تیرۆر و توندوتیژی رووی نەداوە، جگە لەچەند حاڵەتێک، گرتنی رۆژنامەنووسان کەم بۆتەوە و لێدان بەهیچ شێوەیەک نەبوە، بەڵام نیگەرانین لەوەی کە هەندێک لایەن و کەسایەتی چەندین سکاڵایان لەسەر کەناڵەکانی میدیا و رۆژنامەنووسان تۆمارکردووە، بەدەر لەیاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان، کەدەکرا بۆ چەسپاندنی یاسای رۆژنامەگەری کە پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەریم ئیمزایان کردوە و پشتیوانیان لێکردوە، یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان بکرایەتە پێوەری سەرەکی بۆ سکاڵاو کاری یاسایی دادگاکان نەک یاسای دیکە).

لە شەشەمین راپۆرتدا گلەیی لەوەزارەتی ناوخۆ کراوە، لەو بارەیەوە نووسراوە: (سەرەرای پێکهێنانی لیژنە بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ دۆسیەی رۆژنامەنووسان و بوونی نوێنەری سەندیکا لەو لیژنەیە، بەڵام وەک پێویست ئیجرائاتیان نەکردووە لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانەی کە لەراپۆرتەکانی پێشودا پێشێلکاریەکان دژی رۆژنامەنووسان ئەنجامداوە کەبریاربوو ئیجرائات بکەن، داواشدەکەین لەم راپۆرتەدا هەوڵی گرنگی خۆیان بدەن بۆ بەرگرتن لەو پێشێلکاریانە و ئیجرائات کردن لەگەڵ لایەنی بەرپرس. پێمان باش بوو لەکەیسی رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) نوێنەری سەندیکا لە لێکۆڵینەوەکان بەشداربوایە).

شەشەمین راپۆرتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان گلیی لەهەندێک رۆژنامەنووس کردوەو نووسیویەتی: (دەبێ ئەو گلەیەش لەهەندێک رۆژنامەنووس بکەین، کە بە دەنگ داواکانی دادگا، سکاڵاکان و بانگهێشتەکانی بنکەکانی پۆلیسەوە نەچوون و زۆرجار توشی تەوقیف و بانگکردن بونەتەوە بۆ بنکەی پۆلیس یان دادگا و دەستگیرکردنیان. کەدەبێ رۆژنامەنووس لەهەموو کەس زیاتر ریز لەیاسا بگرێ و جێ بەجێی بکات، بەڵام لیژنەی داکۆکی نیگەرانە لەوەی کە بەشێک لەو دەستگیرکردنانە رۆژانی پێنج شەممە بووە، وای کردووە رۆژنامەنووسەکە سێ رۆژ دەستگیر بکرێت، لەکاتێکدا یاسا رێگا بە دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسان نادات).

لە راپۆرتەکەدا شەش حاڵەتی پێشێلکاری و یازدە حاڵەتی هەرەشەلێکردن و سێزدە حاڵەتی دەستگیرکردن و سێ حاڵەتی سزادان ئاماژەیان پێکراوە.

لەماوەی ٢٠١٠/٧/١ - ٢٠١٠/١٢/٣٠ حەفتاو نۆ نووسراوی فەرمی لەلایەن دادگەی لێکۆڵینەوەو سنووری لق و نووسینگەکانی سەندیکا، ئاراستەی سەندیکا کراون، کە داوای زانیاری لەسەر پێدانی ژمارەی سپاردن بە رۆژنامەو گۆڤارەکان و ئەندامیەتی رۆژنامەنووسان دەکەن، سەرجەم ئەو نووسراوانە لەلایەن سەندیکا وەڵام دراونەتەوە.

لەلایەکی ترەوە لەماوەی ٢٠١٠/٧/١ تاکو ٢٠١٠/١٢/٣٠ شەست و یەک نووسراوی فەرمی لەلایەن دادگاکان ئاراستەی سەندیکا کراون بۆ ئاگاداربوون و ئامادەبوونی رۆژنامەنووسان کە لە دادگا سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە، یان رۆژنامەنووسان لەسەر یەکتری تۆماریان کردووەو سەرجەم ئەم نووسراوانەش لەلایەن لیژنەی داکۆکی وەڵامیان دراوەتەوە.

لە شەشەمین راپۆرتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستاندا هەندێک پێشێلکاری و هەرەشەلێکردن وسزادان وەک نموونە هێنراوەتەوە، کە بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە هەندێکیان بکەین.

رۆژی ٢٠١٠/٧/٢ رۆژنامەنووس کارزان کەریم لەئاژانسی ئاکانیوز لەرێگەی گەڕانەوەی لەقەندیل، لەلایەن بازگەی ئاسایشی سەنگەسەر، کامێراکەی لێ دەستێندرێت و وێنەکانی دەسڕنەوە، ئەو کارەش پێچەوانەی یاسای رۆژنامەگەرییە لە کوردستان.

رۆژی٢٠١٠/٧/١٧دوای ڕوداوێکی ئاگرکەوتنەوە، پەیامنێری هەفتەنامەی زاری کرمانجی سەنگەر ستار بۆ بەدواداچوونی هەواڵەکە سەردانی نەخۆشخانەی سۆران دەکات، سەرەڕای ئەوەی رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەو کەسوکاری قوربانی ئەو رووداوە وەردەگرێ، کەچی دوو لە ئەفسەرانی بنکەکە رێگەی لێدەگرن و وێنەکانی نێو کامێراکەشی دەسڕنەوە.

رۆژی ٢٠١٠/٧/١٩ تیمی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس کە پێکهاتبوو لە رۆژنامەنووسان پشتیوان حوسێن و فاخیر جەمیل لەکاتی ئەنجامدانی ریپۆرتاژێک لە بازاڕی چەک فرۆشان لەشاری هەولێر، لەلایەن کەسێکەوە پێشێلکاریان بەرامبەر دەکرێت، بە (CD)یش وێنەی کەسەکە لەکاتی هەڕەشەکانی لەلایەن تیمەکەوە دراوەتە لیژنەی داکۆکی .

رۆژی ٢٠١٠/٨/٦ شاخەوان عەلی دەرویش لەتەلەفزیۆنی پەیام، لەلایەن ئاسایشی بازگەی (عەربەت-سلێمانی) دایدەبەزێنن و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن بەبێ ئاگادار کردنەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

رۆژی ٢٠١٠/٨/٢٤ لەیاری نێوان برایەتی و زاخۆ، لەلایەن پاسەوانەکانی یاریگە هێرش کراوەتە سەر رۆژنامەنووسان مامەیارە ئەحمەد و ئەردەلان قادر پەیامنێرانی رۆژنامەی هەولێر و هۆشەنگ عەبدوڵڵاو جاسم محەمەد پەیامنێرو وێنەگری کەناڵی ئاسمانی کوردستان.

رۆژی٢٠١٠/١٠/٢٠ رۆژنامەنووس فەرەیدون بێوار لەگۆڤاری راڤە لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتێک لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان.بەهۆی خۆپیشاندانێکەوە لەلایەن کۆمەڵێک قوتابیەوە پەلامار دەدرێ.

رۆژی ٢٠١٠/٨/٩ رۆژنامەنووس یاسین حسێن وەلی لەکوردستانی نوێ بەلیژنەی داکۆکی راگەیاند؛ کەکەسێک بەناوی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریست هەرەشەی کوشتنی لێکردوە.

بەپێی سکاڵای رۆژنامەنووس هیوا فریادڕەس ئەندامی کارای سەندیکا، رۆژی ٢٠١٠/٨/٢٠ لە شارۆچکەی خەباتی سەر بە پارێزگای هەولێر لەلایەن بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێر، بەشی رۆژئاوا، لەناو بەرێوەبەرایەتی پۆلیس هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە.

رۆژی ٢٠١٠/٨/٢٣ بەقسەی رۆژنامەنووس ئەحمەد مستەفا لەکاتی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسی، گوایە لەلایەن جێگری سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی هەڕەشەی لێکراوە.

رۆژی ٢٠١٠/٩/١٣ چەند چەکدارێکی نەناسراو هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی رۆژنامەنووس سەیوان سەمەد، کە لە کەناڵی (العراقیە)یە بە دەمانچەی بێدەنگ (کاتم)، لەخێزانەکەیان داوە، ئەمە جگە لەوەی پێشتر بە مۆبایل هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە.

شەوی ٢٠١٠/٨/١٠ هەردوو رۆژنامەنووس ئاری لوقمان کەریم و هێمن حەمە کەریم لەکەناڵی (KNN) لەلایەن پۆلیسی چەمچەماڵەوە دەستگیردەکرێن و دەخرێنە ئوتومبێلی پۆلیسەوە، بەوتەی خۆیان سوکایەتیان پێ کراوە و کامێراکەیان شکێندراوە.

رۆژی ٢٠١٠/٨/١٨ رۆژنامەنووس جەمال عەبدوڵڵا سەرنووسەری گۆڤاری بەڵگە لەلایەن پۆلیسی ١٠٤ لەشاری سلێمانی بەبڕیاری دادوەر بۆ ماوەی سێ رۆژ دەستگیردەکرێت.

رۆژی ٢٠١٠/٩/٥ بلند مستەفا سەرنووسەری گۆڤاری ململانێ لەلایەن بنکەی پۆلیسی کوردستان و دادگای هەولێر بڕیاری دەستگیرکردنی دەدرێت.

رۆژی ٢٠١٠/١٢/٢ دادگەی دهۆک بڕیاریدا هەریەک لە رۆژنامەنووس عەبدولرەحمان بامەڕنی سەرنووسەر رۆژنامەی چاڤدێر و هۆزانڤان هۆشەنگ شێخ محەمەد بە بڕی (١.٠٠٠.٠٠٠) ملیۆن دینار، غەڕامە بکرێن.

رۆژی ٢٠١٠/١٢/١٢ دادگەی بەرایی (٤)ی هەولێر, بڕیاریدا کە سۆران عومەر، سەرنووسەری گۆڤاری رێگە مەگەزین، بە بڕیی (٣٥) ملیۆن دینار سزا بدرێ.

رۆژی ٢٠١٠/١٢/٢٨ دادگەی کەتنی (٢)ی سلێمانی، بڕیاریدا شوان داودی سەرنووسەری هەواڵ، بە بڕی (٣) ملیۆن دینار و رۆژنامەی هەواڵیش بە (١٨) ملیۆن دینار سزا بدرێن.

راپۆرتە خۆی لە خۆیدا گەواهیدەرێکی باشەو پێماندەڵێ کە هێشتا رەوشی رۆژنامەوانی و ئازادی رادەربڕین لە هەریمی کوردستاندا لەژێر هەڕەشە دایە، هەروەها دەبێ ئەو راستیەش بگوترێ کە زۆرێک لە بڵاوکراوەکان تا ئێستا مۆڵەتیان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وەرنەگرتووەو زۆرێک لە رۆژنامەوانانیش لەو سەندیکایەدا ئەندام نین، بۆیە تێکڕای ئەو دەستدرێژی و دەستگیرکردنانەی کە دژ بە بڵاوکراوەکان و رۆژنامەوانان ئەنجام دراون، لەلای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە تۆمار نەکراون، دەنا رێژەکە زۆر لەوە زۆرترە کە شەشەمین راپۆرتی سەندیکاکە ئاماژەی پێداون.

داخوازیەکانی خەڵکی باشووری کوردستان لە ئێستاو رابردوودا

زۆر جاران سەرکردەکانی کوردستان باس لە دەستکەوتەکانی ئێستا دەکەن و دەڵێن ئەوەی ئێستا بەدەست هاتووە لەهیچ کات و زەمانێکدا خەونیشی پێوەنەبینراوە!! هەروەها زۆر دڵسۆزانە داکۆکی لە حکومەتی ئێستای عێراق دەکەن و دەڵێن کە حکومەتی ئێستا لە داخوازیەکانی خەڵکی هەریمی کوردستان تێدەگات و ئامادەیە تەواوی داخوازیەکانی کوردستان پەسند بکات و جێبەجێیان بکات!! بۆ تێگەیشتن لەو راستیانە دەبێ بۆ مێژوو بگەڕێینەوەو چاوێک بە داخوازیەکانی قۆناغەکانی رابردووی بزاڤی کوردایەتی لە باشووری کوردستان بخشێینەوە.

لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتی عێراق بەو سنوورەی ئێستایەوە کێشەو گرفتەکان دەستیان پێکرد، چونکە بەرژەوەندەکانی نەتەوە جیاوازەکان لەبەرچاو نەگیرا، پرس و راوێژیش بەو نەتەوانە نەکرا، ئەگەر لە سەروبەندی پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقدا پرس و راوێژ بە دانیشتووانی هەرسێ ویلایەتی موسڵ، بەغداد و بەسرە بکرابایە، لەوانەیە شتێکی دیکە دەهاتە ئاراوە. لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق زمانی کوردی لە دادگەو فەرمانگەکانی دەوڵەت لە شارەکانی کوردستان فەرمی بووە، بەڵام دیسانەوە کوردستانیانی ویلایەتی موسڵ ناڕەزایی خۆیان پێشاندا، داوای پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیان کرد، لەو سۆنگەیەشەوە شێخ مەحمود پاشایەتی راگەیاند و خۆی وەک مەلیکی کوردستان ناساند. هەرچەندە کە هەوڵەکانی مەلیک مەحمود ناکام مانەوە، بەڵام دواتریش کە رێکخراوی سیاسی لە باشووری کوردستان دامەزران، ئەوانیش جەختیان لەسەر رزگاری و سەرخۆبوون کردەوە، ئەگەر کۆماری کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە رێبەرایەتی پێشەوا قازی محەمەد سەرکەوتووبایە، خواستی سەرخۆبوون و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە باشووری کوردستانیش بەهێزتر دەبوو. دواتر بەلەبەرچاوگرتنی رەوشی نێودەوڵەتی، پەرەگیری شەڕی ساردی نێوان ئەمریکاو سۆڤیەت، هەروەها لەژێر کاریگەری بزاڤی سۆسیالیستی، بزاڤی رزگاریخوازی باشووری کوردستان داخوازیەکانی خۆی بۆ ئۆتۆنۆمی و لامەرکەزی گۆڕی. لە دوای راپەڕینیش فیدراڵی کرایە دروشم و هەنگاوی بۆ هەڵگیرایەوە، بەڵام ئایا ئەو فیدراڵیەی کە ئێستا هەموومان شانازی پێوەدەکەین، لەئاست داخوازیەکانی خەڵکی باشووری کوردستان دایە؟!

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بۆ کاتێکی دیکە هەڵدەگرین، بەڵام دەبێ بۆ خواستی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لە دوای هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلول بگەڕێینەوە.

دوای رووخانی پادشایەتی و لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم دەستووری عێراق هاوبەشبوونی کوردو عەرەبی لە عێراق سەڵماند، بەڵام کاتێک عەبدولکەریم قاسم وەک دەگوترێ لە ئامانجەکانی شۆڕشەکەی هەڵگەڕایەوەو خواستەکانی کوردستانیانی پەسند نەکرد، شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا، شەڕو پێکدادانی نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش زەمینەسازی کرد تا حزبی بەعس دەرفەت وەربگرێ و کۆدێتا بکات و عەبدولکەریم قاسم لەناو ببات، بەعسیەکان لەیەکەم بەیاننامەی خۆیاندا رایانگەیاند کە داخوازی کورد دەسەڵمێنن، هەربۆیەش کاتێک یەکەم حکومەتیان دامەزراند، فوئاد عارف و شێخ بابا عەلی شێخ مەحمودیان کرد بە وەزیر، دواتریش لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول کەوتنە دانوستاندن، ئەوەبوو شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتی رێزدار مام جەلال بەرەو بەغداد بەڕێکەوت و لەوێ لەگەڵ عەلی سالح ئەلسەعدی کەسی یەکەمی بەعسیەکان کۆبۆوە، دواتریش هەموویان بەیەکەوە سەردانی میسریان کردو بەناوی گەلی عێراقەوە بەشداریان لە بۆنەکانی حکومەتی میسردا کرد. ئیدی سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق دەستیان بە دانوستاندن کرد، پاشان شاندێکی حکومەت بەرە کوردستان بەڕێ کەوت و دیداریان لەگەڵ سەرۆک بارزانیدا کرد. لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە ئاماژە بە داخوازیەکانی ئەو کاتەی شۆڕشی کوردستان بکەم.

بەگوێرەی بەڵگەنامەکان داخوازیەکان لەو خاڵانەدا چڕکرابوونەوە:

١- دەستبەجێ دان بە ئۆتۆنۆمی بنرێت، ئەو هەموارکردنەوەیە لە دەستووری نوێدا جێبگرێ.

٢- ئەنجوومەنی ناوەندی بەسەرۆکایەتی کوردێک پێکبێ کە بەرانبەر ئەنجوومەنی یاسادانانی کورد بەرپرسیار دەبێ و سالانە بە ئازادی و نهێنی هەڵدەبژێردرێ.

٣- زمانی کوردی لە فێرگەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی زمانی رەسمی دەبێ.

٤- جێگری سەرکۆمار کورد دەبێ.

٥- سنووری جوگرافیای کوردستان دیاری بکرێ کە سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، موسڵ و دیالا بگرێتەوە.

٦- سوپایێکی کوردی لەسەر شێوەی ئەو سوپایەی کە حکومەت هەیەتی پێکبێ.

٧-داهاتی نەوت لەنێوان کوردو عەرەب دابەش بکرێ.

هەروەها سەرۆک بارزانی داوایکردبوو کە دانەیەک لە بڕیاری حکومەت کە ئەو داخوازیانە جێبەجێ دەکات رەوانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ.

جا ئەگەر بە ویژدانەوە لەو داخوازیانەی ئەوێ رۆژێی سەرکردایەتی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر باشترو هەڵکشاوتربوون لەو داوایانەی کە ئێستا سەرکردایەتی کوردستان هەیەتی و کاری بۆ دەکات.

ئەو کاتە هێشتا گوندو ئاواییەکانی کوردستان وێران نەکرابوون، هێشتا شاڵاوی ئەنفال دژ بە کوردستانیان بەڕێوە نەبردرابوو، هێشتا وڵاتانی جیهانیش بە چاوی سۆزەوە لە نەتەوەی کوردیان نەدەڕوانی، هێشتا راپەڕین نەکرابوو، شارەکانی باشووری کوردستان لە سوپای داگیرکار پاک نەکرابوونەوە، بەڵام ئێستا دوای تێپەڕبوونی نزیکەی نیوسەدە دەبینین کە داخوازیەکانی سەرکردایەتی کوردستان خۆی لەو حکومەتە فیدراڵیە دەبینێتەوە کە تەنیا پارێزگای سلێمانی، پارێزگای هەولێر (کە قەزای مەخمورو ناحیەی گوێرە لێکراوەتەوە)، بەشێکی زۆر بچووکی پارێزگای کەرکوک و بەشێکی بچووکی پارێزگای موسڵ دەبینێتەوە. واتە لە رووی جوگرافیاوە لە نیوەی ئەوە کەمترە کە ٤٧ ساڵ لەمەوبەر سەرکردایەتی بزاڤی باشووری کوردستان داوای دەکرد. لە رووی دەستەڵاتیشەوە زۆر لاوازو کەمترە، ئەوکات داوای سوپایێکی کوردی هاوشێوەی سوپای عێراق کراوە، داواکراوە داهاتی نەوت لەنێوان کوردو عەرەب دابەش بکرێ. ئەوکات سەرکۆمار هەمەکارەبوو، داوا کرابوو جێگرەکەی کورد بێ، بەڵام حکومەتی ئێستا دان بەو شتانە دانانێ و زۆر سەرسەختانەش دژایەتی ماددەی ١٤٠ی دەستوور دەکات، ئامادەش نیە بەهیچ شێوەیەک باس لە پارێزگای موسڵ و دیالە بکرێ، هەروەها ئەو ناوچانەی لە پارێزگای هەولێر و کەرکوش دابڕێندراون، نایانگێڕێتەوە، ئەی باشە پێشکەوتوویی داخوازیەکانی خەڵکی باشوور لە کوێن و تێگەیشتنی بەرپرسانی عێراق بەرانبەر بە داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان لە چ ئاستێکی بەرزدا جێیان گرتووە؟!

هاشم عەبدوڵڵا محێدین

hashm_abdulla@hotmail.com